# ئایا گێڕانەوەی یاسای کاری ڕۆژنامەنوسی بۆناو هۆڵی پەرلەمان ئەتوانێت ئازادی دەسەبەر بکات ؟!



کاروان نەجمەدین
karwanmj@yahoo.com

**بەلەبەرچاوگرتنی ئەوقۆناغانەی کە ئەو یاسایەی پێداتێپەڕی بۆ خنکاندنی ئازادی لە کوردستان لە ڕەشنوسەوە بۆ پڕۆژەیاسا و لە پڕۆژەوە بۆیاسا دەتوانین بەچی ڕاستیەك بگەین ؟ ، ئەمە پرسیارێکەئەگەر لەڕوانگەی دیفاع لە ئازادیی ڕۆژنامەگەریەوە لێی بڕوانین دەتوانێن بلێین لەهەموو ئەو هەوڵانە بێئومێدمان دەکات کە هەندێك لە نوسەر و ڕۆژنامەنووسان و ژمارێك لە ئەندامانی پەرلەمان و خودی "سەندیکای ڕۆژنامەنووسان" بەدوایەوەن بۆ گێڕانەوەی یاساکە بۆناو پەرلەمان بە نیازی تەعدیلکردنی و کەمکرنەوەی ئەوخاڵانەی کە لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ پڕۆژەکە زیادکراوە . قۆناغی یەکەمی ئەم یاسایە بەرهەمی هەوڵی چڕوپڕی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانە بۆبەرتەسك کردنەوەی ئازادی ڕۆژنامەگەری کە ڕەشنووسەکەی لەلایەن ئەوانەوە ئامادەکراوە بەرلەوەی بیخەنە بەردەم پەرلەمان ڕاوسەرنجی ئەندامەکانی خۆیان لەبارەوە وەرگرتوە و کەدواتر دایان تەکاندوەلەو ڕاوسەرنجانەی کە ئەندامانی سەندیکا خستویانەتە سەر پڕۆژەکەو پاشان دایەن بەپەرلەمان ئەمەش ئەوەمان بۆڕۆشنتردەکاتەوە کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بەپێچەوانەی ئەومەبدەئەوە کە دەبێ سەندیکا وەسیلەی ڕۆژنامەنووسان بێت بۆ بەدەستهێنانی ئازادیەکانیان و پاراستنی مافەکانیان ئەم سەندیکایە وەسیلەی حکومەتە بۆ سەپاندنی هەوڵەکانیان بەسەر ڕۆژنامەنوسان و خانکاندنی بیروبۆچون و قەڵەمەکانیان لە بەرانبەر ئەو ڕەخنانەی کەڕوبەڕی دەسەڵات و ئەو پیرۆزیانەی دەکەنەوە کە بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەدا سەپاندویانە پڕۆژەیاساکەشیان کە بوە جێگەی نارەزایەتی زۆربەی زۆری ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە خودی ئەندامەکانی سەندیکاوە زیندوترین بەڵگەیەلەمبارەیەوە، وە هەموو ئەو هەڵایە پوچەڵدەکاتەوە کە سەنیکا بەرزیکردۆەوە بۆ سەرۆکیهەرێم تا یاساکە ئیمزانەکات و بەرەحمەتی خۆی بیگێڕێتەوە بۆ پەرلەمان بەڵکو پەرلەمان یاساکە بگێڕێتەوە بۆ دۆخی جارانی خۆی ، خۆئەگەر ئەم هەوڵانەش سەربگرێت و ئەو زیادکراوانەی پەرلەمان خستویەتیە سەر پڕۆژە یاساکەی سەندیکا لابرێت هیچ لە دواکەوتویی ناوەرۆکی پڕۆژەیاساکەیان ناگۆڕێت چونکە ئەو چەقۆیەی کە دەستی بەرزی پەرلەمانتاران خستویەتیە سەر ملی ئازادی لەلایەن سەندیکاوە بەرهەم هاتووە پەرلەمان هەندێك تیژی کردۆتەوە ، ئەو دیوارەی کە سەندیکا لەبەرانبەر قەڵەمی ڕەخنەی ئازادیخوازیدا بۆبەرگری لەبیروباوەڕی خێڵەکی و تایەفەگەری هەڵی چنیوە پەرلەمان تەنها پاڵی پێوەداوە .**

**دواتر ئازادیان کردە تۆپێکی پەڕۆ و خستیانەی ساحەی پەرلەمانەوە دوای ئەوەی پەرلەمان پێشنیاراتی هەندێك لە نوسەر و ڕۆژنانوسانی دیکەیان وەرگرت سەرەڕای ئەوەیکە بێجگە لەڕاستکردنەوەی هەندێ هەڵەی**

زمانەوانی لە پرۆژەیاساکەدا شتێکی دیکەنەبوو، ئەویشیان فرێدایە زبڵدانەکەی پەرلەمانەوە ، پاشان بەو کۆتوبەندانە ڕازی نەبون کە پرۆژەیاساکە لەدەستو پێی ئازادی ئاڵاندوە بەڵکو پێیان وابوو ئازادی قورسترە لەوەی کە بەوپەتەی سەندیکا بخنکێنرێت و خەڵکی کوردستان دواکەوتون و ئازادیەکانین قابیلی قەنارەی گەورەترن ، بەئاشکرا پێیان نالەوەی کە خۆ پەرلەمان لە دەوڵەتەکانی سوریە و ئێران و سعودیە و یەمەن پێشکەوتنخوازتر نین ، خەڵکی کوردستان لە خەڵکی ژێردەستی ئەو دەوڵەتانە ئازیزترنین ، ئەمەش بە ئاشکرا ئەندامێکی دەستەی یاسایی پەرلەمان لە بەرنامەیەکدا کە ڕادیۆی (نەوا) بۆ من و ئەوی سازادابوو ڕای گەیاند ، وە پەرلەمانیش بە زۆرینەی دەنگ لەکاتی دەنگدان بەو پرۆژە یاسایەدا پشت ڕاستیانکردەوە . ئەو گەرمی و حەماسەتەی ئەندامانی پەرلەمانی داگرتبوو بۆ دەنگدان بە یاسیەکی ئاوها و زینەبەچاڵکردنی ئازادی ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت کە پەرلەمان نەیویستوە و نایەوێت ستونێکیش لە لاپەرەکانی خۆی و کۆمەڵگا بداتە ئەو قەڵەمانەی کە دەیانەوێت ئازادانە تەعبیر لە ناخی خۆیا بکەن . وە سەدان جاری دیکە ئەو یاسایە بچێتەوە بەردەمیان ئەگەر نوزەکی تێدا بێت ڕوە و ئازادی ڕۆژنامەگەری دەنگی پێنادەن ، یان لە دواترین حاڵەتدا ئەو خاڵانە کە خۆیان خستویانەتە سەر پرۆژە یاساکەی سەندیکا هەندێکیان لەسەر داوای سەندیکا بێت یان ئەمری سەرۆکی هەریم لادەبەن ، بەڵام ئایا هیچ بە قازانجی ئازادی ڕۆژنامەنووسی دەگۆڕێت ، یان هیچ لە ناوەرۆکی دواکەوتوانە و دژی ئازادی پرۆژەکەی سەندیکا دەگۆڕێت ؟ . بە بڕوای من نەخێر چونکە ئەو پرۆژیاسایە وەك لەسەرەوەش ئاماژەم پێدا خۆی بەبێ ئیزافەکانی پەرلەمانیش پرۆژە یاسایەکی دواکەوتوە ، بەر لەوەی پەرلەمانیش هیچی بۆزیاد بکەن ئەو پرۆژەیاسایە لە یەکەم ڕۆژی گفتوگۆی ناوپەرلەمانەوە لەسەری ڕوبەڕی لێشاوی نارەزایەتی ڕۆژنامەنووسان و ئازادیخوازنی کوردستان بۆیەوە ،خودی ڕۆژنامەنوسانی کوردستان و بەرهەمەکانی هەڵمەتی (دەستەی بەرگری لە ئازادی ڕادەربڕین ) بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو پرۆژە یاسایە شاهیدی ئەو ڕاستیەن .

بۆیە ئەگەر بمانەوێت بەرگری لە ئازادی ڕۆژنامەگەریبکەین و بمانەوێت ئازادی فەراهەم بێت ، بەپێی ئەو ڕۆشنایانەی سەرەوە دەبێت لەو هەولانە بەدوربین کە دەیەوێت یاساکە بگەرێتەوە بۆناو هۆڵی پەرلەمان ، بەڵکو دەبێت تەواوی ڕۆژنامەنووسان و ئازادیخوازان هەوڵەکانیا یەکخەن بۆ هێنادەرەوەی ئە پرۆژە یاسایە لەناو پەرلەمان و هەڵوەشاندنەوەی و لە هەمانکاتدا ڕۆژنامەنووسان لە پێناو ئازادی قەڵەم و بیروڕاکانیان پرۆژە یاسایەکی خوازاوی ئازادیخواز گەڵاڵە بکەن .